نزای: (اللهم اغفر لي ما قدمت وما أخرت، وما أسررت وما أعلنت، وما أسرفت، وما أنت أعلم به مني، أنت المقدم وأنت المؤخر، لا إله إلا أنت)

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەستایە بۆ نوێژکردن دەیفەرموو: «(وَجَّهتُ وجهي للذي فطر السماوات والأرض حنيفًا، وما أنا من المشركين، إنَّ صلاتي، ونُسُكي، ومَحياي، ومماتي لله رب العالمين، لا شريك له، وبذلك أُمِرتُ وأنا من المسلمين، اللهمَّ أنت المَلِك لا إله إلَّا أنت، أنت ربي، وأنا عبدك، ظلمتُ نفسي، واعترفتُ بذنبي، فاغفر لي ذنوبي جميعًا، إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت، واهدني لأحسن الأخلاق لا يهدي لأحسنها إلا أنت، واصرف عني سيئَها لا يصرف عني سيئها إلا أنت، لبَّيْك وسَعْدَيْك، والخيرُ كله في يديك، والشر ليس إليك، أنا بك وإليك، تباركتَ وتعاليتَ، أستغفرك وأتوب إليك)*»، وئەگەر ڕکوع ببردایە، دەیفەرموو: «(اللهمَّ لك ركعتُ، وبك آمنتُ، ولك أسلمتُ، خشع لك سمعي، وبصري، ومُخِّي، وعظمي، وعَصَبي)**»، وئەگەر (لە ڕکوع بردن بەرز بووایەتەوە) دەیفەرموو: «(اللهم ربنا لك الحمد مِلءَ السماوات، ومِلءَ الأرض، ومِلءَ ما بينهما، ومِلءَ ما شئتَ من شيء بعد)^»، وئەگەر (سوجدەی ببردایە) دەیفەرموو: «(اللهم لك سجدتُ، وبك آمنتُ، ولك أسلمتُ، سجد وجهي للذي خلقه، وصوَّره، وشقَّ سمعَه وبصرَه، تبارك الله أحسنُ الخالقين)^^»، پاشان کۆتا شت کە دەیفەرموو لە نێوان تەشەهود -تەحیات- وسەلامدانەوە، (بریتی بوو لە): «(اللهم اغفر لي ما قدَّمتُ وما أخَّرتُ، وما أسررتُ وما أعلنتُ، وما أسرفتُ، وما أنت أعلم به مني، أنت المُقَدِّم وأنت المؤَخِّر، لا إله إلا أنت)~». *(واتە: بە پاکی و دڵسۆزی ڕووم کردە ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە و من لە هاوبەشدانەران -موشریکان- نیم، بەڕاستی نوێژ و قوربانی و ژیان و مردنم تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە و بەوە فەرمانم پێ کراوە و من لە موسوڵمانانم، خودایە هەر تۆ پادشا و دەسەڵاتداری هیچ پەرستراوێک نییە بە هەق جگە لەتۆ، تۆ پەروەردگارمی و من بەندەی تۆم، ستەمم لە نەفسم کردوە و دانم بە هەڵە و تاوانەکانم نا، تۆش لە هەموو تاوان و گوناهەکانم خۆش ببە، بەڕاستی جگە لە تۆ کەس لە گوناهـ خۆش نابێت، بەرەو باشترین کردار و ئاکار و گوفتار ڕێنموێنیم بکە، کەس ناتوانێت ڕێنمویی بکات بۆ چاکترینی ڕەوشت و ئاکار جگە لە تۆ، وە کردەوەی خراپم لێ دوور بخەرەوە کەس کردار خراپیم لێ دوور ناخاتەوە جگە لەتۆ، خوایە (لبیک) واتە : وەڵامی دوای وەڵامم هەیە بۆت لەگوێڕایەڵیت دام و (سعدیک) واتە: شوێن کەوتەی دوای شوێن کەوتەم بۆ دینەکەت، چاکە هەمووی بە دەستی تۆیە خراپەش نادەمە پاڵ تۆ، وە من بە تۆوە هەم و بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە. پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ تۆیە، داوای لێخۆش بوونت لێ دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لات -تەوبە دەکەم-)، **(واتە: خودایە ڕکوعم بۆ تۆ بردە، وئیمانم بە تۆ هێنا، وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی تۆم، وبیستن وبینین وهۆش (مێشک) وئێسک وژێیەکانم ملکەچی تۆن)، ^(واتە: خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ هێندەی پڕ بە ئاسمانەکان، وهێندەی پڕ بە زەوی، وهێندەی پڕ لە نێوانیان، وهێندەی پڕ ئەوەی خۆت دەتەوێت لە پاش ئەمانە)، ^^(واتە: خودایە، سوجدەم تۆ بردە، وئیمانم بە تۆ هێنا، وگوێڕایەڵی تۆ بووم -مسوڵمان بووم-، ڕووم سوجدەی بردە بۆ ئەو زاتەی کە دروستی کردووە، و وێنەی کێشاوە، وبیستن وبینینی بۆ داناوە، پیرۆزە خودا باشترینی خوڵقێنەرەکان)، ~(واتە: خودایە لە تاوانەکانی پێشوو وپاشترم خۆش بە، لە گوناهەکانی نهێنی وئاشکرام خۆش بە، لە زیادەڕەوی کردنم لەسەر نەفسی خۆم لێم خۆش بە، لەو گوناهانەشم خۆش بە کە تۆ شارەزاتری سەبارەتیان زیاتر لە خۆم، تۆ ئەوەی بتەوێت پێشی دەخەیت -المُقَدِّم- یت، وئەوەی بتەوێت پاشی دەخەیت -المؤَخِّر-یت، (هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەستایە بۆ نوێژکردن ئەم نزایەی دەخوێند: (وَجَّهتُ وجهي للذي فطر السماوات والأرض:بە پاکی و دڵسۆزی ڕووم کردە ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە): واتا من خوای

گەورە دەپەرستم بە دڵسۆزیەوە؛ ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان وزەوی بەدیهێناوە بە بێ ئەوەی بوونیان هەبێت لە پێشوودا، خوای گەورە ئەم بوونەوەرانەی دروستکردووە کە بە ئەوپەڕی جوانی و وردی ودروستکراون بۆیە هەر ئەو شایستەیە کە بەندەکان بیپەرستن بە تەنها بە بێ بڕیاردانی هیچ شەریک وهاوبەشێک لە پەرستنیدا، وپێویستە دڵەکان لە هەموو کاتێکدا داوای یارمەتی لە ئەو بکەن وتەوەکولیان لەسەر ئەو بێت لە هەموو حاڵەتەکاندا، ونابێت دڵ ڕوو بکاتە هیچ شت وکەسێکی تر، ودەبێت تەنها داوای ڕەزامەندی وخێر لە ئەو زاتە بکات. (حنيفًا، وما أنا من المشركين:من لە هاوبەشدانەران -موشریکان- نیم): واتا لامداوە لە هەموو ئاینێکی پوچەڵ وناهەق وتەنها لەسەر ڕێگای ئاینی هەق وڕاستیم کە ئاینی یەک خودا پەرستیە -ئاینی ئیسلام- وجێگیرم لەسەر ئەم ئاینە. (إنَّ صلاتي، ونُسُكي، ومَحياي، ومماتي لله رب العالمين، لا شريك له، وبذلك أُمِرتُ وأنا من المسلمين: بەڕاستی نوێژ و قوربانی و ژیان و مردنم تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە و بەوە فەرمانم پێ کراوە و من لە موسوڵمانانم): نوێژ وپەرستن ونزیکبوونەوەم هەمووی بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورەیە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی بۆ بڕیار نادەم لە پەرستنیدا، هەروەها ژیان ومردنم هەمووی بۆ خوای گەورە چونکە ئەو خوڵقاندوویەتی ولە قەدەردا نووسیویەتی، وهیچ کەسێک بەڕێوەی نابات جگە لە ئەو زاتە، وهیچ هاوبەشێکی نییە خوای گەورەی پاک وبێگەرد نە لە زاتیدا ونە لە سیفات وکردەوەکانیدا، وپەروەردگار فەرمانی پێمکردووە بەم تەوحید -یەک خوا پەرستی- ودڵسۆزیە، ومن لە مسوڵمانانم ملکەچم بۆ فەرمانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-. پاشان فەرمووی: (اللهمَّ أنت المَلِك لا إله إلَّا أنت، أنت ربي، وأنا عبدك، ظلمتُ نفسي، واعترفتُ بذنبي، فاغفر لي ذنوبي جميعًا، إنه لا يغفر الذنوب إلا أنت:خودایە هەر تۆ پادشا و دەسەڵاتداری هیچ پەرستراوێک نییە بە هەق جگە لەتۆ، تۆ پەروەردگارمی و من بەندەی تۆم، ستەمم لە نەفسم کردوە و دانم بە هەڵە و تاوانەکانم نا، تۆش لە هەموو تاوان و گوناهەکانم خۆش ببە، بەڕاستی جگە لە تۆ کەس لە گوناهـ خۆش نابێت): واتا ئەی خودایە تۆ پادشای وجگە لە تۆ هیچ کەسێکی تر پادشا نییە، وهیچ خاوەندارێەک بۆ کەسێکی تر نییە لە هەقیقەتدا جگە لە تۆ، وخودایەتی -ئولوهیەت- تەنها بۆ تۆیە؛ بۆیە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە جگە لە تۆ، وتۆ پەروەردگاری منی ومن بەندەی تۆم، ستەمم لە نەفسی خۆم کردووە بە بێئاگایی وغافڵ بوون ئەمیش بەهۆی کردنی تاوان وگوناهەکان، ودان بە تاوانەکانمدا دەنێم، تەنها تۆ لە تاوانەکان خۆش دەبیت، تەنها تۆ لە بەندەکان خۆش دەبیت -الغفار والغفور-یت. (واهدني لأحسن الأخلاق لا يهدي لأحسنها إلا أنت، واصرف عني سيئَها لا يصرف عني سيئها إلا أنت:بەرەو باشترین کردار و ئاکار و گوفتار ڕێنموێنیم بکە، کەس ناتوانێت ڕێنمویی بکات بۆ چاکترینی ڕەوشت و ئاکار جگە لە تۆ، وە کردەوەی خراپم لێ دوور بخەرەوە کەس کردار خراپیم لێ دوور ناخاتەوە جگە لەتۆ): واتا ڕێنیشاندەرم بە وسەرکەوتووم بکە وجێگیرم بکە وبم گەیەنە بە جوانترین ڕەوشتەکان لە پەرستندا ولە ڕەوشتە پاک وجوانەکانی تر لە ئاشکرا وناخدا، تۆ هیداتی بەندە دەدەیت بۆ ئەو ڕەوشتە جوانانە وجگە لە تۆ کەسی تر هیدایەت نادات، ودوورم بکەرەوە وبمپارێزە لە ڕەوشتە خراپەکان، چونکە کەس من لەو ڕەوشتانە دوور ناخاتەوە ونامپارێزێت جگە لە تۆ نەبێت. پاشان فەرمووی:(لَبَّيْك وسَعْدَيْك:خوایە - لبیک- واتە: وەڵامی دوای وەڵامم هەیە بۆت لەگوێڕایەڵیت دام و -سعدیک- واتە: شوێن کەوتەی دوای شوێن کەوتەم بۆ دینەکەت): وهەروەها ئەم دوو وشەیە مانای ئەوە دەگەیەنێت؛ خوای گەورە من بەردەوامم لەسەر پەرستنی تۆ، بەردەوامبوون لە پاش بەردەوامبوون، وئاسوودەم لە پاش ئاسوودە بوون لەسەر پەرستنی تۆ. (والخيرُ كله في يديك:چاکە هەمووی بە دەستی تۆیە): واتا هەموو خێرێک لە ژێر بەڕێوەبردنی تۆیە، وبەهەر شێوەیەک بتەوێت بەڕێوەی دەبەست. (والشر ليس إليك: خراپەش نادەمە پاڵ تۆ): واتا ئەو شەڕانەی ڕووەدەن لە گەردووندا لە ئەنجامی کردەوەی بوونەرەکانە نەک کردەوەی تۆ بێت، بۆیە نابێت شەڕ بدرێتە پاڵ زاتی خوای گەورە یان سیفەتەکانی یان کردەوەکانی یان ناوەکانی، چونکە خوای گەورە لە زات وسیفەت وکردەوەکان وناوەکانیدا لە ئەوپەڕی بێسنووری کاملبوونە لە هەموو لایەکەوە، حەمد وسوپاس وستایش دەکرێت بەهۆی سیفەتەکانی وکردەوەکانی، وهەموو کردەوەکانی خێر وڕەحمەت ودادپەروەری وحیکمەتن، وهیچ شەڕێکی تێدا نییە، وهەموو ناوەکانی جوان وپیرۆزن، چۆن دەبێت شەڕ بدرێتە پاڵ خوای گەورە؟ بەڵکو شەڕ لە ئەنجامی کردەوەی بوونەوەرەکانە وبوونەوەرەکانیش بەشێک نین لە زاتی خوای گەورە؛ چونکە کردەوەکانی خۆی وەکو کردەوەی بەندەکانی نییە، بەڵام بوونەوەرە کردەوەی خێر وشەڕ دەکات، بۆیە چونکە شەڕ دروستکراوە وجیاوازە بۆیە نابێت بدرێتە پاڵ خوای گەورە، وئەمیش بەڵگە نییە بۆ کۆمەڵەی موعتەزیلە کە دەڵێن خوای گەورە شەڕی دروست نەکردووە، خوای گەورە خێر وشەڕی دروستکردووە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکان، وخوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکە، وئەو زاتە مەزنە پرسیاری لێناکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی بەڵکو ئەوە بەندەکانن پرسیاریان لێدەکرێت چونکە خوای گەورە لە نەبوونەوە ئەوانی بەدیهێناوە بۆیە بە ویستی خۆی تاقیان دەکاتەوە وڕێبازی خێر وشەڕی پێیان نیشانداوە، وئەمە هیچ بەڵگەیەک نییە بە دەستی ئەوانەی دەڵێن بۆچی خوای گەورە ڕووخسەت دەدات کە شەڕ وخراپە لەسەر زەوی ڕووبدات، ژیان بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ دروستکراوە وئەوەی ڕووەدات لە شەڕ سەرەنجامی کردەوەی مرۆڤەکانە، وسەرەنجام خوای گەورە پادشا وخاوەنی هەموو مولکێکە، ئایا

خاوەن مولْک پرسیاری لێدەکرێت چی دەکات بە مولْکەکەی؟!! ئایا چۆن مرۆڤێکی هێندە بچووک کە لە نەبوونەوە هاتووە ڕوخسەت بە خۆی دەدات ڕەخنە لە خوای گەورە بگرێت پاش ئەو هەموو نیعمەتانەی پێی بەخشراوە؛ وئەم ڕەخنە ناڕەوایانە بگرێت کە لە گومڕاکردنی شەیتانەوەیە چونکە ئەو یەکەم کەس بوو بەرامبەر خوای گەورە وەستا وڕەخنەی لێیگرت ونکۆڵی کرد لەوەی گوێڕایەڵی بکات وگومانێکی پوچەڵی بۆ خۆی دروستکرد!!. (أنا بك وإليك:وە من بە تۆوە هەم و بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە): واتا پەنا بە تۆ دەگرم وپشت بە تۆ دەبەستم وهەموو کارێک بەهۆی یارمەتی تۆوە جێبەجێی دەکەم، وڕوو لە تۆ دەکەم ولە تۆ دەپاڕێمەوە، وبۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە، وتەنها تۆ دەپەرستم، ووتراوە: داوای یارمەتی لە تۆ دەکەم وڕوو لە تۆ دەکەم -بۆئەوەی بە هانامەوە بێیت-. (تبارکتَ وتعاليتَ: پاکی و بێگەردی و بڵندی بۆ تۆیە): واتا مەزنیت وشکۆداریت وخێرت زۆر بێت، وبەرز وبڵندیت لەوەی بیری لێدەکرێتەوە ودێتە خەیاڵدا، ودوور پاک وبەریئیت لە هەموو کەموکورتی وعەیبێک. (أستغفرك وأتوب إليك: داوای لێخۆش بوونت لێ دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لات -تەوبە دەکەم-): واتا داوای لێخۆشبوون لە تۆ دەکەم لەسەر ئەوەی ڕوویدا لە ڕابردوو، ودەگەڕێمەوە لە کردنی هەر گوناهێک لەوەی ماوە لە ژیانمدا، وڕوو لە تۆ دەکەم وداوای جێگیری وسەرکەوتن لە تۆ دەکەم هەتاوەکو دەمرم. وئەگەر بچووایە بۆ ڕکوع بردن دەیفەرموو: (اللهمَّ لك ركعتُ، وبك آمنتُ، ولك أسلمتُ، خشع لك سمعي، وبصري، ومُخِّي، وعظمي، وعَصَبي: خودایە ڕکوعم بۆ تۆ برد، وئیمانم بە تۆ هێنا، وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی تۆم، وبیستن وبینین وهۆش (مێشک) وئێسک وژێیەکانم ملکەچی تۆن): واتا بە دڵسۆزیەوە ڕکوع بۆ تۆ دەبەم ودڵسۆزم بۆ تۆ، وئیمانم بە تۆ هێنا، وملکەچ وگوێڕایەڵی تۆم، وهەموو ئەندامەکانم -لە بیستن وبینین وئێسک ودەمار- هەموو ملکەچ وزەلیلە بۆفەرمانی تۆ. وئەگەر سەری لە ڕکوع بردن بەرز بکردایەتەوە دەیفەرموو: (اللهم ربنا لك الحمد مِلءَ السماوات، ومِلءَ الأرض، ومِلءَ ما بينهما، ومِلءَ ما شئتَ من شيء بعد: خودایە پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ هێندەی پڕ بە ئاسمانەکان، وهێندەی پڕ بە زەوی، وهێندەی پڕ لە نێوانیان، وهێندەی پڕ ئەوەی خۆت دەتەوێت لە پاش ئەمانە): واتا حەمد وسوپاسی تۆ دەکەم ئەگەر ئەم حەمد وسوپاسکردنە لاشە ومادده بووایە ئەوا هێندەی نێوان ئاسمانەکان وزەوی وزیاتر لەمەیشی پڕ دەکردەوە. وئەگەر بۆ سوجدە بردن بچووایە دەیفەرموو: (اللهم لك سجدتُ، وبك آمنتُ، ولك أسلمتُ، سجد وجهي للذي خلقه، وصوَّره، وشقَّ سمعَه وبصرَه، تبارك الله أحسنُ الخالقين:خودایە، سوجدەم تۆ برد، وئیمانم بە تۆ هێنا، وگوێڕایەڵی تۆ بووم -مسوڵمان بووم-، ڕووم سوجدەی برد بۆ ئەو زاتەی کە دروستی کردووە، و وێنەی کێشاوە، وبیستن وبینینی بۆ داناوە، پیرۆزە خودا باشترینی خوڵقێنەرەکان): واتا سوجدە بردنم بە تەنها وبە دڵسۆزی بۆ تۆیە، وباوەڕم بە تۆ هێنا، وملکەچی فەرمانەکانی تۆم، وهەموو ئەندامەکانم کە تۆ دروستتکردووە زەلیل وملکەچن بۆ فەرمانت، بەرز وپیرۆزە خوای گەورە باشترینی خوڵقێنەرەکان. پاشان کۆتا نزای دەفەرموو لە نێوان تەشەهود -تەحیات- وسەلامدانەوە: (اللهم اغفر لي ما قدَّمتُ وما أخَّرتُ:خودایە لە تاوانەکانی پێشوو وپاشترم خۆش بە): واتا خودایە لە تاوانەکانی ڕابردوو وداهاتووم خۆش بە. (وما أسررتُ وما أعلنتُ:لە گوناهەکانی نهێنی وئاشکرام خۆش بە): واتا لەو گوناهانەم خۆش بە کە شاراوەن ودیار نین یان لە نەفسی خۆمدان وکەس نایبینێ ولەو گوناهانەیشم خۆش بە کە دیار وئاشکران. (وما أسرفتُ:لە زیادەڕەوی کردنم لەسەر نەفسی خۆم لێم خۆش بە): واتا لە سنوور تێپەڕاندنم خۆش بە دەرهەق بە نەفسی خۆم بەهۆی کردنی تاوان وگوناهەکانەوە. (وما أنت أعلم به مني: لەو گوناهانەشم خۆش بە کە تۆ شارەزاتری سەبارەتیان زیاتر لە خۆم): واتا لەو گوناهانەم خۆش بە کە پێیان نازانم ولە مندا بوونیان هەیە. (أنت المُقَدِّم وأنت المؤَخِّر:تۆ ئەوەی بتەوێت پێشی دەخەیت -المُقَدِّم- یت، وئەوەی بتەوێت پاشی دەخەیت -المؤَخِّر-یت): هەرکەسێک بتەوێت سەری دەخەیت وپلەی بەرزدەکەیتەوە بەهۆی پەرستن وگوێڕایەڵی کردنت، وهەرکەسێک بتەوێت دوای دەخەیت وپلەی نزم دەکەیتەوە ئەمیش بەهۆی تاوان وسەرپێچیەکان، ئەمیش بە پێی حیکمەتی خۆت، هەرکەسێک بتەوێت شکۆداری دەکەیت وهەرکەسێک بتەوێت زەلیلی دەکەیت. (لا إله إلا أنت:هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ).

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8280